Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 | Issue 1 Article10

# Artificial Intelligence and its role in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels

**Nabaz Ahmad Hasan**
*Department of Kurdish, Faculty of Education Koya University.*

**Ebtisam Ismael Qadr**

*Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Hasan, N.A., 2026. **Artificial Intelligence and its role in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels**.

Mitanni Journal, 6(1), Article 10.

DOI: 10.25156/ptjhss.v6n1y2025.pp148-165
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# Artificial Intelligence and its role in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels

**AI usage declaration**

The content of this research was not authored using Artificial Intelligence.

**Author contribution**

The authors are responsible for all aspects of this research.

**Ethics information**

This research has adhered to all ethical considerations, and prior informed consent was obtained from the participants.

**Data availability statement**

All data are securely preserved by the researcher in both online and hard copy formats; they are stored and remain accessible by the researcher at all times.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research, as it is derived from a doctoral dissertation.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is absolutely no conflict of interest regarding the publication of this research.

**Acknowledgements**

We would like to express our sincere gratitude and appreciation to all the lecturers of the Media Departments at public universities for their cooperation in completing the research questionnaire. We also extend our thanks to everyone who contributed to the successful completion of this study.

**Original article**

This research is derived from a doctoral dissertation.

**ORIGINAL ARTICLE**

# Artificial Intelligence and its role in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels

Nabaz Ahmad Hasan[1] Ebtisam Ismael Qadr[2]

[1] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq

[2] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region/Iraq

Abstract:

The main objective of this study is to determine the role of Artificial Intelligence in increasing the viewership of news programs on Kurdish television channels. This descriptive research uses a face-to-face survey of a sample of media professionals in the Kurdistan Region.

The study relied on quantitative methodology to answer the questions and objectives of the study.

The most important findings and results of this study are: (According to the results of the study showed that artificial intelligence can increase the speed of data collection for news programs and process According to the study From this it appears that the speed of information gathering and production are important factors for increasing viewership and retaining the audience's attention on news programs, artificial intelligence can provide a better visual experience to viewers, so that artificial intelligence will support and encourage more familiarity and create a good experience and efficiency of journalists in television channels, in a way Artificial intelligence can improve the quality of audio and visual effects in news programs, according to results of the study.

**Keywords**: Role, Artificial Intelligence, Increasing viewership, News Programs, Kurdish Television Channels.

Received 04 December 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 04 Mar 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: nabaz.hasan@spu.edu.i

2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).

# زیرەکی دەستکرد و ڕۆڵی لە زیادکردنی تەماشاکردنی بەرنامە هەواڵییەکان لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکاندا.

### پووختەی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە زیادکردنی تەماشاکردنی بەرنامە هەواڵییەکان لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکاندا. ئەم توێژینەوەی لە جۆری توێژینەوە وەسفییە، تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، بۆ ڕووپێوکردنی سامپڵێك لە پسپۆڕانی بواری میدیا لە هەرێمی کوردستان. کە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ حوکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی گەمارۆدانی گشتگیروەرگیراوە، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە شێوازی چەندێتی بەستووە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
گرنگترین دەرئەنجامەکانیش کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە : (بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت خێرایی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەرنامەهەواڵیەکان زیاتر بکات و پرۆسەی بەرەهەمهێنان خێراتر بکات، لێرەوە دەردەکەوێت خیرایی کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەمهێنان هۆکارێکی گرنگن بۆ زیادکردنی تەماشاکردن و مانەوەی بینەر بەدیار بەرنامەهەواڵیەکانەوە، هەروەها بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ئەزموونێکی بینراوی باشتر پێشکەش بە تەماشاکەر بکات، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد پاڵپشت و هاندەر دەبێت بۆ ئاشنایی زیاتر و دروستکردنی ئەزمونی باش و کارایی میدیاکار لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا، بەشێوەیەک ڕ ەنگدانەوەی لەسەر روخسار و ناوەرۆکی پەیامەکان هەبێت، بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت کوالێتی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرزتر بکاتەوە.
کلیلە وشە: زیرەکی دەستکرد، رۆڵ، زیادکردنی تەماشاکردن ، بەرنامە هەواڵییەکان، کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان.

### پێشەکیی توێژینەوە:

بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی ڕیشەیی چەندین گۆڕانکاری گەورەی بەسەر بەرهەمهێنانی میدیایدا هێناوەتە ئاراوە، دەتوانرێت وەک یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا سەیر بکرێت، ئەم گەشەی تەکنەلۆژییایەش بەشدارییان کردووە لە شۆڕشێکدا کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر بەرهەمهێنانی میدیایی. زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بەشداری کارا بکات لە خێراکردنی هەنگاوەکانی دەستکاریکردن و باشترکردنی وردبینی و کارایی و کەمکردنەوەی کات و ماندووبوون، هەروەها یارمەتی ڕۆژنامەنووسان بدات لە دەمەزراوەکاندا بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان بە کوالیتی بەرز و کارایی و خێرایی بەرز ئەنجام بدەن.
لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری داهێنەرانەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی میدیاکاران داناوە. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا (میتۆدنامەی توێژینەوە) خراوەتەروو کە هەریەك لە (کێشە و گرنگی و ئامانجی و توێژینەوەکانی پێشوو و جۆر و میتۆد و شێواز و ئامراز و کۆمەڵگە و سامپڵ و سنوور و ڕاستی و جێگیری، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە) دەگرێتەوە، لەتەوەری دووەمدا ئاماژەدراوە بە (تیۆرینامەی توێژینەوەکە) کە پێکدێت لە یەکەم (زیرەکی دەستکرد)، دووەم (بەرنامە هەواڵیەکان و ڕۆژنامەوانی زیرەکی دەستکرد)، لەتەوەری سێیەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، پاشان (دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان).
تەوەری یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم** :کێشەی توێژینەوەکە

تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد و ئامرازەکانی، لەم دواییانەدابەشێوەیەکی بەرچاو هاتوونەتە ناوبواری ڕۆژنامەگەری، بۆ ئەم مەبەستەش گەر زیرەکی دەستکرد بەشێوەیەکی هونەریکی بەکاربهێنرێت دەتوانرێت ڕۆڵی لە زیادکردن و سەرنجدانی و تەماشەکردنی وەرگردا هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە؛ (ئایا بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرنامە هەواڵییەکانا تاچەند دەبێتە هۆی زیادەبوونی تەماشەکردن)، ئەم پرسیارە سەرەکییە چەند پرسیارێکی لاوەکی تری لێدەبێتەوە:

١-تاچەند زیرەکی دەستکرد لە پرۆسەی بەرهەمهێنای بەرنامە هەواڵییەکاندا کوالێتی و خێرایی باشترکردووە لای بەرتوێژان؟

٢- زیرەکی دەستکرد بۆتە هۆکارێك بۆ کارایکردن لە تەماشاکردن و تێگەیشتن و دەستڕاگەیشتن بە بەرنامە هەواڵیەکانی کەناله تەلەڤزیۆنیەکان لای بەرتوێژان؟

٣- ئایا زیرەکی دەستکرد توانای ناسینەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو بەرنامە هەواڵییەکانی هەیە لای بەرتوێژان؟

**دووەم**: گرنگی توێژینەوەکە

١- گرنگی تیۆری: گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕۆژنامەگەری زیرەکی دەستکرد سەردەمێکی نوێی لە پیشەسازی میدیادا خوڵقاندووە، ئەم بابەتە تا ئێستاش لەناو بوارەکانی توێژینەوەی زانستی کوردیدا بە ناڕوونی ماوەتەوە، بۆیە دەتوانین سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا وەربگرین سەبارەت بە زانینی ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە سەر کوالێتی و خێرایی بەرهەمهێنانی بەرنامەهەواڵیەکان، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگیش بۆ کتێبخانەی کوردی.

٢- گرنگی پراکتیکی: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بەشدارە لە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵیەکان لە رێگەی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی بەهاکانی متمانەپێکراوی، کوالێتی، خێرایی و ئەوانی دیکە، ئەمەش گرنگی پراکتیکی دەبێت لە روانگەی ئەوەی ئەنجامەکان زانیاری نوێ پێشکەش دەکەن. گرنگییەکی کردەیی بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت زۆرێک لە ئەرکە رۆتینیەکان لە بەرهەمهێنانی هەواڵدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بکات.

**سێیەم**: ئامانجی توێژینەوەکە

١- دەرخستنی رۆڵی زیرەکی دەستکرد لە زیادکردنی تەماشکردنی بەرنامە هەواڵییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکوردییەکان لای بەرتوێژان.

٢- دەرخستنی زیرەکی دەستکرد لە کارایکردن و تەماشاکردن و تێگەیشتن و دەستڕاگەیشتن بە بەرنامە هەوالییە بەرهەمهێنراوەکانی کەنالە تەلەڤزیۆنیەکان لای بەرتوێژان.

٣-دەرخستنی توانای زیرەکی دەستکرد لە ناسینەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو بەرنامە هەواڵییەکان.

**چوارەم**: توێژینەوەکانی پێشوو

**١-** توێژینەوەی (عبداللە، سرمد احمد و حازم، مینا حارث، 2025)

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دور تقنیات الذكاء الاصطناعي في التحرير الاخباري عبر وسائل الاعلام الرقمية) نوسراوە، جۆری توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە، توێژەر میتۆدی ڕاپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگی توێژینەوەکە ئاژانسی هەواڵی ئەلمعلومە، ئاژانسی هەواڵی عێراق، ئاژانسی رۆژنامەوانی ئەلغەد، ئاژانسی ئەمرۆی بەغداد. سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی مەبەستدار بەشێوەیکی گەمارۆدانی گشتگیر بۆ میدیاکارانی ئەو دەزگایەنەی ئاماژەمان پێداوە، کە ژمارەیان (100)کەسە.

بەشێك لە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتین لە:(تێگەیشتن لە کاریگەری ئەم تەکنیکە لەسەر خێراکردنی دەستکاریکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان لە رێگەی دیجیتاڵ میدیاوە، روونکردنەوەی دیارترین کێشەکانی بەردەم رۆژنامەنووسان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە سازاندنی هەواڵەکاندا،تێگەیشتن لەوەی کە چۆن تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد کاریگەریان لەسەر متمانەی هەواڵەکان لە میدیای دیجیتاڵیدا هەیە).

گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتین لە:(ئەنجامەکان دەریان خستتوە کە دیارترین تەکنیکی زیرەکی دەستکرد لە دەستکاریکردن و سازاندنی هەواڵەکاندا بەکارهێنراون: پرۆسێسی زمانی عەرەبی و درووستکردنی دەق ئۆتۆماتیکی، دیارترین ئاڵنگاری بەردەم رۆژنامەنووسان لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکانی AI لە سازاندنی هەواڵەکاندا ترسی لەدەستدانی کارە مرۆییەکانە بەهۆی ئۆتۆماتیکردنی ئەرکەکان، تەکنەلۆژیاکانی زیرەکی دەستکرد بەشدارن لە خێراکردنی پرۆسەی دەستکاریکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، دیارترین رۆڵی تەکنەلۆژیاکانی زیرەکی دەستکرد لە باشترکردنی کوالیتی لە دەستکاریکردنی هەواڵەکان، زیادکردنی خێرایی پرۆسەکانی دەستکاریکردنی هەواڵەکان بوو).( عبداللە، 2025)

٢-توێژینەوەی (عطية، محمد ثروت محمد، 2025)

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (توظيف تقنيات الذكاء الاصطناعي في المؤسسات الصحفية) نوسراوە، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە پشتی بە ئامرازی چاوپێکەتنی قول و ڕاپرسی ئەلیکترۆنی بەستووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێن لە کارمەندان کە لە دامەزراوە رۆژنامەوانیەکانی میسر و بەحرەین کاردەکەن، وەک رۆژنامەنووسان، سەرنووسەری دیجیتاڵی و تەکنیککاران. سامپڵی فۆرمی ڕاپرسیەکە 313 میدیاکار بوون کە 163 میدیاکاری میصر و 150 میدیاکاری بەحرین، بۆ چاوپیکەتنەکەش بەم شیوەیە سامپڵەکە دیاریکرا. نمونەیەک لە میدیاکارانی رۆژنامەوانی لە میسر و بەحرەین هەڵبژێردرا، بەم شێوەیە: 10 رۆژنامەنووسی میسری ئەوانیش: 2 رۆژنامەنوس بوابة الاهرام، 2 رۆژنامەنوس اليوم السابع، 2 رۆژنامەنوس المصرى اليوم، 2 رۆژنامەنوس القاهرة 24، 2 رۆژنامەنوس وكالة انباءالشرق الاوسط (MENA).

10 رۆژنامەنووسی بەحرەینی لە دامەزراوە جیاوازەکان وەرگرتووە بەم شێوەیە: 2 رۆژنامەنوس اخبار الخليج، 2 رۆژنامەنوس الأيام، 2 رۆژنامەنوس البلاد، 2 رۆژنامەنوس الوطن، 2 رۆژنامەنوس وكالة انباء البحرين (BNA).

لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیتن لە:(هەڵسەنگاندنی کاریگەری زیرەکی دەستکرد لەسەر کوالیتی و کارایی ناوەرۆکی میدیا، لە رووی خێرایی بەرهەمهێنان، خۆدکارکردنی ناوەڕۆک، و زیادکردنی بەشداریکردنی دیجیتاڵی، چاودێریکردنی ئاستەنگە تەکنیکی و پیشەییەکانی بەردەم دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەردوو وڵاتدا، وەک نەبوونی توانای مرۆیی، نەبوونی چوارچێوەی یاسادانان، ترس لە لەدەستدانی لایەنی مرۆیی ناوەڕۆک).

گرنگترین دەرئەنجامەکان بریتین لە:( دەرئەنجامەکان جەخت لەسەر چەند ئاستەنگێك دەکەنەوە لەبەردەم بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد ئەوانیش نەبونی چوارچێوەیکی یاسایی لەبەردەم بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و کەمی شارەزایی و لێهاتووی لەلایەن میدیاکارانەوە سەبارەت بەکارهێنانی ئامراز و بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد ئەمەش بەهۆی نەبونی خول و ڕاهێنانەوە، هەروەها یەکێکی تر لە ئاستەنگەکان ترسی لەدەستدانی کارە لەلایەن میدیاکارانەوە بۆکارەکانیان، جگە لەوەش دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد پرۆسەی بەرهەمهێنانی خێراکردووە لەقۆناغی ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری میدیاکار بووە بۆ کەمکردنەوەی کات لە ئەرکە دووبارەبووەکان هەروها کاریگەریشی لەسەر کوالێتی ناوەڕۆك هەبووە لەڕووی وردبینی و باشترکردنی دەقە رۆژنامەوانییەکان لەرێگەی پرسێسی زمانی سروشتی).(عطيه، 2025)

٣-توێژینەوەی ((Ojoajogwu, H. M., Ter Akase, M., & Igyuve, A. I. (2025))

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (Broadcast Stations Select by Adoption of Artificial Intelligence in News Production in North-Central, Nigeria) نوسراوە، لە جۆری توێژینەوەی وەصفیە میتۆدی ڕووپێووی بەکارهێناوە، پشتی بە ئامرازی ڕاپرسی بەستووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کۆمەڵگای توێژینەوەکە ستافی هەواڵ و تەکنەلۆجیای وێستگەکانی پەخشی ناوەڕاستی باکوری نێجیریایە، کە ژمارەیان (2476) کارمەندە، سامڵی توێژینەوەکەش سامڵێکی مەبەستدارە کە پێکهاتووە لە (265) کارمەند.
گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە :(دیاریکردنی بوارەکانی زیرەکی دەستکرد لەلایەن وێستگەکانی پەخشی ناوەڕاستی باکوری نێجیریا لەبەرهەمهێنانی هەواڵدا، لەگەڵ ئەو ڕێگریانەی کە ڕوو بەڕووی وێستگەکانی پەخشی ناوەڕاستی باکوری نێجیریا دەبنەوە لەکاتی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردا، پاشان دیاریکردنی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەسەر کارایی وێستگەی پەخشەکان).
گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:(بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەبەرەهەم هێنانی هەواڵدا لەلایەن وێستگەکانی پەخشی ناوەڕاستی باکوری نێجیریا خۆی دەبینێتەوە لە کۆکردنەوەی داتا و پوختکردنەوەی ناوەڕۆك، بەڵام بوارەکانی تر زۆر کەم یان هەر بەکارنەهاتوون، دیارترین ڕێگرییەکان بریتین لە کەمی توانای دارایی بۆ کڕینی ئامراز و بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد و نەبوونی ستافێکی ڕاهێنراو و پسپۆر تایبەت بە بەکارهێنانی ئامراز و بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد، بە پێی ئنجامی بەرتوێژان دەرکەوتووە، زیرەکی دەستکرد کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر وردبینی و کارایی و خێرایی هەواڵەکان ئەگەر بەباشی بەکاربهێنرێت).(Ojoajogwu,2025 )
**پێنجەم**: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە
ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرەوە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و تیایدا گونجاوترین میتۆد پێرەوکراوە کەئەویش میتۆدی ڕووپێوویە بۆ سامپڵێك لە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیشی، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە مۆدێلی چەندێتی بەستووە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەدیبهێنێت و زانیارییەکان وردتر و متمانەپێکراوترین. بەمەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی بیرۆکەی توێژینەوەکە.
**شەشەم**: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە
مامۆستایانی بواری میدیا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، صلاح الدین، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆك)، بریتییە لە کۆمەڵی توێژینەوەکە، سامپڵی توێژینەوەکەش، بەشێوەی سەرەپاگیر وەرگیراوە کە ژمارەیان (90)کەسە کە لەیەك کاتدا کۆمەڵگا و سامپڵیشە بە پێی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان، لە کۆی گشتی تەنها (80) فۆرم گەڕاوەتەوە وەك لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

خشتەی (1)
ژمارەی سامپڵی توێژینەوە

| زانکۆ | ژمارەی وەرگیراو |
|---|---|
| زانکۆی سلێمانی | 22 |
| زانکۆی صەلاحەدین | 14 |
| | |
| زانکۆی هەڵەبجە | 7 |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 20 |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | 14 |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | 3 |
| کۆی گشتی | 80 |

**حەوتەم**: ئامرازی توێژینەوەکە
بەمەبەستی گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بە شێوەی (Google Form) و فۆرمی دەستی وەک گونجاوترین ئامرازی توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پەیوەست بەپرسیارەکان وئامانجەکانی توێژینەوەکە. توێژەران فۆرمێکی ڕاپرسیان دروستکردووە و بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشیان کردووە، کە هەرتەوەرەو خۆی لەچەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە، هەرەیەك لەتەوەرەکان گوزارشت لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەکەن بەمەستی بە دیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەسەر پسپۆڕانی بواری میدیادا دابەشکردووە کە مامۆستایانی بەشەکانی ڕگەیاندن لە زانکۆحکومییەکانی هەریمی کوردستان تا لەڕێگەیەوە بتوانێت زانیاری ورد بەدەستبهێنن سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و ڕۆڵی لە زیادکردنی

تەماشاکردن بۆ کەناڵەکوردییەکان، پسپۆرانی بواری میدیاش لە ڕێگەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە هەم وەك نوخبەیەکی تەماشاکار و هەڵسەنگێنەر  پێوانەی ڕای بینەرانیان کردوو سەبارەت بە تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد و بەکارهێنانی لەبواری میدیادا پاشان پێوانەکردنی زیادکردنی تەماشاکردن.

**هەشتەم**: راستی وجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

**ا**- ڕاستی ئامرازی توێژینەوە: توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆرێك1 لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت=برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان × ١٠٠ = ٩٧،٧%، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

**ب**- جێگیری ئامرازی توێژینەوە: لەدەرهێنانی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکەدا جێگیری ناوخۆیی بەکارهاتوە پشتبەست بە هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ و ئەنجامەکەی (٠،٧٩٣) کەئاماژەیە بۆ گونجاوی پێوانەی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە.

**نۆیەم**: سنووری توێژینەوەکە

سنورو بوارەکانی توێژینەوەکە لە چوار ڕەهەندەی جیاوازەوە دیاریکراون، کە پێکهاتوون لە:

١-سنوری بابەت: سنوری بابەت لەم توێژینەوەیەدا ڕەنگدانەوەی لە زیرەکی دەستکرد و بەرنامە هەواڵیەکانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان.

٢-سنوری شوێن: سنوری شوێن لەم توێژینەوەیەدا زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

٣-سنوری کات: ماوەی دەستپێکردنی پراکتیکنامەی ئامرازەکەیە، بەم شێوەیە: فۆرمی ڕاپرسی لە بەرواری28- 4-2025 تا  1-8-2025.

٤-سنوری مرۆیی: سنوری مرۆیی لەم توێژینەوەیەدا پێك دێت لە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، کە وەك هەڵسەنگێنەری کەناڵەکان و وەرگر وەڵامەکانیان وەرگیراوە.

**دەیەم**: چەمکەکانی توێژینەوەکە

| ناو[1] | پلەی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|
| پ.د.سلام نصرالدین محمد | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی |
| پ.د. یحیی عمر فتاح | پرۆفیسۆر | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| پ.ی.د.ئازاد عەبدالعزیز محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی صلاح الدین |
| پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم مصطفی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| پ.ی.د.نەوزاد صدیق محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی |

-ڕۆڵ: مەبەست لە بەکارهێنانی ڕۆڵ ئەوەیە کە دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە کە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکان چ ڕۆڵێکی هەیە لە سەر زیادکردنی تەماشاکردن.

-یرەکی دەستکرد: مەبەست لە ئەو زیرەکییە کە لەلایەن ئامێر و بەرنامەکانی کۆمپیتەرەوە پیشان دەدرێت بە ئامانجی ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێشتر تەنها لەلایەن خودی مرۆڤەوە ئەنجام دەدران وەك پیشبینیرکردن، پێشنیارکرن، بریاردان، نوسین، داڕشتن، شیکردنەوە، پوختکردنەوە، وەرگێران، سازاندن و کۆکردنەوە و پرۆسیسکردنی زانیارییەکان.

-زیادکردنی تەماشاکردن: مەبەست لە زیادکردنی تەماشاکردن زیادکردنی ڕێژەی بینینە بۆ بەرنامەهەواڵیەکان بە هۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد لەبەرهەمهێنانیاندا.

-بەرنامەی هەواڵیەکان: مەبست لێی بەرنامەکانی هەواڵە کە لەلایەن کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە پێشکەش دەکرێن لەماوەی پەخشی کەناڵەکەدا بە پێی سکرێپتی دانراو، یان کۆی بەشەکانی ناوەرۆکی هەواڵ و ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی ئێستایە.

-کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان: مەبەست لەو کەناڵە تەلەڤزیۆنییانەیە کە لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵیەکاندا زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن،ئەوانیش بریتین لە:( کوردسات نیوز، ئێن ئارتی، ڕووداو، کوردستان 24، کەناڵ 8، کەناڵی ئاڤا)

**تەوەری دووەم/تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

یەکەم/ زیرەکی دەستکرد

-دەروازەیەك بۆ ناساندنی زیرەکی دەستکرد (Artificial intelligence)

زاراوەی زیرەکی دەستکرد لە دوو چەمکی سەرەکی پێک دێت کە دەتوانرێت کۆ بکرێنەوە، یەکێکە لەو زانستانەی کە لە دەرئەنجامی شۆڕشی تەکنەلۆژیای هاوچەرخەوە بەرهەم هاتووە، ئامانج لێی تێگەیشتنە لە سروشتی زیرەکی مرۆڤ،(الحربي، 2023: 167) زۆرجار تەکنەلۆژیای

AI وەک بەشێک لە زانستی کۆمپیوتەر دەخوێندرێت، بەڵام پەیوەندی بە زۆرێك لە بوارەکانی ترەوەهەیە وەک دەروونناسی، فەلسەفە و زمانەوانی و سەربازی و ڕاگەیاندن و چەندین بواری تر، پرۆگرامە زیرەکەکانی کۆمپیوتەر، ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی کۆمپیوتەر یان ڕۆبۆتی کۆنترۆڵکراو بە زیرەکی بیربکاتەوە بەهەمان شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤی زیرەک، وەک چۆن زیرەکی دەستکرد بە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی عەقڵی مرۆڤ و چۆنیەتی بڕیاردان بەدەست دێت، بەتایبەتی لەکاتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.( Nassir-Al-Qusi and Jabbar, 2023: 39) زاراوەی زیرەکی دەستکرد لە دوو زاراوەی لاوەکی پێکدێت: یەکەمیان زاراوەی زیرەکییە، واتە توانای تێگەیشتن لە هەلومەرج یان بارودۆخە نوێ و گۆڕاوەکان، دووەمیان زاراوەی دەستکردە، کە لە کرداری "دروستکردن وەرگیراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو زیرەکییەی کە مرۆڤ لە ئامێرێک یان کۆمپیوتەرێکدا دروستی دەکات. ( السيد، 2024: 164) لەبارەی ناساندنی زیرەکی دەستکردەوە، تائێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و پەسندکراو بۆ زیرەکی دەستکردنیە، پسپۆڕانی ئەو بوارە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو بە چەندین شێواز ناساندوویانە، زیرەکی دەستکرد پێناسەکراوە بە: "توانای کۆمپیوتەرێکی دیجیتاڵی یان ڕۆبۆتێکی کۆنترۆڵکراوی کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە شێوەیەکی باو پەیوەندییان بە بوونەوەرە زیرەکەکانەوە هەیە.((Akgun and Greenhow, 2022: 433 ) زیرەکی دەستکرد (AI)، وەک پێشتر پێناسە کراوە، ڕێکارێکە کە زیرەکی مرۆڤ هاوشێوە دەکات لەسەر بنەمای دیزاین و بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکان لە ژینگەی کۆمپیوتەردا.( اخرون، 2022: 19) هەروەها زیرەکی دەستکرد (AI)، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی پیشان دەدات کە لە زۆر ڕووەوە بەستراوەتەوە بە زیرەکی قووڵەوە  وەک سیستەمێکی هاوشێوەکردنی میکانیکی کە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری و زانیاری پەیوەست بە کەرتە جیاوازەکانی جیهان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن لە شێوەی زیرەکی پراکتیکی.( العزام، 2020: 477) هەربۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوەدا، دەتوانرێت چەمکی زیرەکی دەستکرد وەک زانستێک پێناسە بکرێت کە پەیوەندی بە کۆمپیوتەر و نەرمەکاڵاکانیەوە هەیە، هەروەها بە کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکی زیرەک پیشان بدرێت، کە کار لەسەر هاوشێوەکردنی عەقڵی مرۆڤ و بەرهەمەکانی دەکەن، لە بیرکردنەوە و ڕەفتار، بە پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک ڕێکار کە گرنگی بە پرۆسەی فێرکردنی ئامێرەکە دەدەن سەبارەت بەو داتا و زانیارییەی بۆی دابین دەکرێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئەرکی خۆی.

-مێژووی زیرەکی دەستکرد

 ساڵانی دوای کۆنفرانسی دارتمۆس سەردەمی دۆزینەوە بوو، سەردەمێکی خێرا بوو بەسەر جیهانی نوێدا. ئەو سەردەمە بە سەرەتای ڕاستەقینەی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دادەنرێت، و بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی ئەم تەکنیکانە لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری و کیمیا و ڕاگەیاندن و بوارەکانی تردا بوو. مێژووی سەرهەڵدانی زیرەکی دەستکرد دەتوانرێت ببەسترێتەوە بەو هەوڵە جۆراوجۆرانەی کە زانایان بۆ داهێنانی ئامێری زیرەک دەیدەن، لەوانە ئەو دامەزراوە و کۆمپانیا تایبەتانەی کە لە ساڵی ١٩٥٥دەستیان پێکردووە، کاتێک کۆمەڵێک توێژەر دەستیان کرد بە پەرەپێدانی پرۆژەیەکی توێژینەوەی هاوبەش کە ناویان لێنابوو زیرەکیی دەستکرد.( أمينة، 2021: 190) هەروەها زیرەکی دەستکرد بە شێوەیەکی نیمچە فەرمی لە ساڵی ١٩٥٦ی زایینیدا دەرکەوت، لەگەڵ ڕەوتی وەبەرهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەکانی مرۆڤایەتیدا، کاتێک کۆمەڵێک زانای ئارەزووی توێژینەوەی زیرەکی دەستکرد لە کۆنفرانسێکدا کۆبوونەوە کە لە کۆلێژی دارتمۆس لە شاری هانۆڤەر لە ویلایەتی نیوجرسی ئەمریکا بەڕێوەچوو، ئەم توێژەرانەی ئامادەبوون بوونە پێشەنگی توێژینەوەی زیرەکی دەستکرد بۆ چەند دەیەیەک، بە تایبەت جۆن مەکارتی کە بە باوکی زیرەکی دەستکرد ناسراوە، یەکەم کەس بوو کە دەستەواژەی زیرەکی دەستکرد"ی بەکارهێنا. مەکارتی پێشنیاری بەکارهێنانی دەستەواژەی زیرەکی دەستکرد، یان AI، بۆ وەسفکردنی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی مێشکی مرۆڤیان هەیە،( إسماعيل، 2023 : 301)

-تایبەتمەندییەکانی زیرەکی دەستکرد

زیرەکی دەستکرد بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەناسرێتەوە کە ئەمەش وای لێکرد ببێتە جێگەی سەرنجی پسپۆڕان بریتین لە:( خليدة، 2023 : 321, عوضين، 2022: 9, أحمد،2023: 13, عبدالكريم، 2024: 346, الداود، 2021: 57, جباري،2017: 123, الشربيني، 2021: 992)

١- توانای فێربوون و تێگەیشتن لە ئەزموون و شارەزایی پێشوو، بەکارهێنانیان لە بارودۆخی نوێدا.

٢-وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ئەو ئەو بارودۆخانەی دێنەپێشەوە و نوێن.
٣-مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتە سەخت و ئاڵۆزەکان، لە حاڵەتی نەبوونی زانیاریدا و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە ناڕوونەکاندا، و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی هەندێک کێشە کاتێک کەمی زانیاری هەیە.
٤-زیرەکی دەستکرد دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانەکان، بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمێکی تایبەت بۆ ئاشکراکردنی ناڕوونی لە هەر ڕووداوێکدا بە داخڵکردنی ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی دەهێنێت، هەروەها توانای پێداچوونەوەی وێنە و دەنگ و پەنجەمۆری هەیە.
٥-توانای فێربوون بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری زیرەک دادەنرێت جا فێربوونی مرۆڤ لە ڕێگەی چاودێریکردنەوە ڕوودات یان سوودوەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت لە بارودۆخەکان تێبگات و پشت بە ستراتیژییەکانی فێربوون ببەستێت.
٦-نەرمەکاڵای زیرەکی دەستکرد بە نەبوونی چارەسەرێکی ئەلگۆریتمی تایبەت و ناسراو بۆ ئەو کێشانەی کە چارەسەری دەکات تایبەتمەندە، بۆ ئەوەی ورد و بە پەرۆش بێت لە هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاوو.
٧-بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە زانیاری تەواویان لە بارەوە نیە، بە بەکارهێنانی بیرکردنەوە، هەستکردن، بەدەستهێنان و بەکارهێنانی زانین

-گرنگی زیرەکی دەستکرد

لەگەڵ زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی داتا و ئاڵنگارییەکان، زیرەکی دەستکرد بە خێرایی زیاتر گەشە دەکات، لێرەدا بەکورتی و پوختی گرنگیەکانی زیرەکی دەستکرد دەخەینەڕوو:( (البياع و معارفي، 2023، شنبي و بن لخضر، 2022: 467, عبدالكريم، 2024: 346, الفلاحي، 2023: 6, العطرة، 2021: 16, اسماعيل، 2023: 308, علي، 2024: 347)

١-پێشبینی دەکرێت زیرەکی دەستکرد بەشداربێت لە پاراستنی ئەزموونەکانی مرۆڤ و زمانی مرۆڤ بەکاربهێنێت لە زۆر بواری هەستیاردا کە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت، وەک دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان، نوسین، ڕاوێژکاری یاسایی و پیشەیی، بوارە ئەمنی و سەربازییەکان، پەروەردە و ڕاگەیاندن و بوارەکانی تر.
٢-یەکێکی تر لە گرنگیەکانی زیرەکی دەستکردبەشداربونە لەو بوارانەی کە بڕیاردان تێیدا ئەنجام دەدرێت، یاخود ئامێرە زیرەکەکان مرۆڤ لە چەندین فشار و مەترسی ڕزگار دەکەن و وایان لێدەکات سەرنجیان لەسەر شتگەلێکی گرنگتر چڕبکەنەوە.
٣-بەکارهێنانی زیرەکی دستکرد بۆ ئەنجامدانی کاری قورس و مەترسیدار و گەڕان بەدوای شوێنە نادیارەکاندا، هەروەها بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگارکردن لە کاتی کارەساتی سروشتیدا، یاخود ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوانەی کەزۆرجار بۆ مرۆڤ جێگەی مەترسین لەسەر ژیانیان.
٤-زیرەکی دەستکرد توانای دامەزراوەکان بەرزدەکاتەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و کارامەیی و بەڕێوەبردندا.
٥-بەکارهێنانی سەرکەوتوویی تەکنەلۆجیای زیرەکی دەستکرد دەتوانێت بەشداربێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە زۆر ڕووەوە.
٦-سیستەمی زیرەکی دەستکرد سەربەخۆ و ورد و بابەتیانە بەشدارن لە بڕیاردان، بەمجۆرە بڕیارەکانیان دوورە لە هەڵە، لایەنگری، ڕەگەزپەرستی، پێشوەختە، یان تەنانەت دەستوەردانی دەرەکی یان کەسی.
٧-مرۆڤەکان توانای بەکارهێنانی زمانی مرۆڤیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرەکان لەبری زمانی بەرنامەسازی کۆمپیوتەر، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنانی ئامێرەکان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەردەستبێت، بتوانن بۆ پێداویستییەکای ژیانی ڕۆژانەیان سودی لێوەربگرن و تەنانەت ئەوانەشی کە ئەزموون و پسپۆڕییان هەیە ئەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئامێرەپێشکەوتووەکانی زیرەکی دەستکردا بکەن.
گرنگی زیرەکی دەستکرد زۆر لایەن لەخۆدەگرێت و لەڕاستیدا ژماردنیان ئاسان نییە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ڕەنگە زیرەکی دەستکرد توانای لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتری هەبێت وبەردەوام لە پێشکەوتندا بێت بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی زیاتر، هەربۆیە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە خێراترکردنی زیاتری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی کەرتەکانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا لە داهاتوودا.

-جۆرەکانی زیرەکی دەستکرد

لە ئێستادا زیرەکی دەستکرد کە لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێن، کە ئاماژەیە بە ئەوەی کە کۆدی نەرمەکاڵا یان (ئەلگۆریتم) بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی دیاریکراو، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیاری بەکارهێنەران، هەروەها زیرەکی دەستکرد بەپێی توانا جیاوازەکانیان دەتوانرێت بەسەرچەند جۆرێکدا دابەش بکرێن بریتین لە: ١

١- زیرەکی دەستکردی لاواز: (Narrow Artificial Intelligence)، ئەرکێکی دیاریکراو چارەسەر دەکات و ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئاڵنگاری تردا بکات بەبێ ئەوەی دووبارە بەرنامەی بۆ دابنرێتەوە، بەو پێیەی سیستەمی زیرەکی دەستکردی لاواز نەرمی زیرەکی مرۆڤی نییە، ئەم فێربوونە بە تایبەتی لە سایتەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنیدا بەکاردەهێنرێت و ئەو جۆرە فێربوونە تەرکیز دەکات تەنها لەسەر یەک بوار بۆ نموونە بوارە جیاوازەکان بەیەکەوە نابەستێتەوە وەك فێربوونی ئامێر لە GPS. (دعاك، 2023: 14)

٢-زیرەکی دەستکردی بەهێز: (Strong Artificial Intelligence)، دەتوانرێت بۆ بوارە جۆراوجۆرەکان جێبەجێ بکرێت، توانای پەرەپێدان و خۆفێربوونی هەیە بە بەستنەوەی بوارە جیاوازەکان بە یەکترەوە، زیرەکی دەستکردی تەواو یان بەهێز بە هاوبەشی بەکاردەهێنرێت، بەجۆرێک هێندەی زیرەکی مرۆڤ نەرم و نیان بۆ کێشە و ئەرکێکی دیاریکراو دروست نەکراوە، بەڵام توانای چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشەکانی هەیە. (عبده،2023: 242)

٣-زیرەکی دەستکردی گشتی: (General artificial intelligence)، زیرەکی دەستکردی گشتی ئەو ئەپلیکەیشنانەن کە ئەرکی هاوشێوەی تواناکانی مرۆڤ ئەنجام دەدەن، بەهەمان شێوەی مرۆڤ دەتوانن بیربکەنەوە و پلاندابنێن. .( عبدالستار،2021: 392 )

-دووەم: بەرنامە هەواڵیەکان و رۆژنامەوانی زیرەکی دەستکرد

-بەرنامە هەواڵیەکان

ئەو بەرنامانەن کە لەلایەن کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن، بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەستیان ڕاکێشانی بینەران و دروستکردنی کاریگەرییە، یەکێکە لە پایە گرنگەکانی بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکان لە کەناڵەکاندا پێشکەش دەکرێت، کە ئامانجی بەستنەوەی خەڵکە بە دنیای ناو خۆو دەرەوە و جیهانی دەوروبەر.( محمد،2014: 161 ) هەروەها کۆمەڵێک هەواڵی بەرفراوان لەخۆدەگرن، لەوانە درێژەی هەواڵەکان، کورتە هەواڵەکان و چاوپێکەوتنەکان و ڕوومالەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ستۆدیۆ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە ماوەی دیاریکراودا پێشکەش دەکرێن و ڕۆژانە چەند جارێک ڕێگە بە بینەر دەدەن هەموو ڕووداو و هەواڵەکانی ڕۆژانە ببینن بە ئامانجی دروستکردنی ئاسۆی مەعریفی، بەتایبەتی دەربارەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و چەندین بابەتی تر، کە وا دەکات جەماوەر توانای ئەوەی هەبێت حوکم و گشتاندن و بڕیاری دروست بدات سەبارەت بەو پرسانەی کە بۆ گفتوگۆ وروژێنراون.( العزة،2021: 9)

-ڕۆژنامەوانی زیرەکی دەستکرد

ئەلگۆریتمەکانی زیرەکی دەستکرد لە ئێستادا وەک گرنگترین شۆڕش بۆ ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا سەیر دەکرێن، بەو پێیەی کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان ناچار کردووە پرۆسەی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی نوێ ڕێکبخەنەوە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو توانا گەورانەی کە ئەلگۆریتمەکان بە پرۆسێسکردنی قەبارەیەکی گەورە پێشکەشی ژوورەکانی هەواڵی دەکەن. (Ali & Hassoun, 2019: 41-4) ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆی سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای ئۆتۆماتیکی و ئەلگۆریتمییەوە هاتە ئاراوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو ڕۆژنامەگەریدا بەکاربهێنرێت وەك ناوەرۆکی ئۆتۆماتیکی بەرهەمهێنان، داتا ماین، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و باشکردنی ناوەرۆک، ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر ڕۆژنامەگەری ئەلگۆریتم و ئامانجیەتی تیشک بخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە تەکنەلۆژیای ئەلگۆریتم بەکاریدەهێنێت لەناو ئەو بوارانەدا، هەروەها ئاماژەدان بەو ڕێگایانەی کە ئەم پێشهاتانە گۆڕانکاریان بەسەر شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەگەری لە جیهانی مۆدێرندا هێناوەتە ئاراوە،(Aissan,2023:.23 ) هاوکات سیستەمەکانی(AI) یارمەتیان دەدات ڕووبەڕووی یەکێک لە دیاردە گرنگەکان ببنەوە کە هەرەشە لە پیشەسازی هەواڵ دەکات،ئەویش ناسینەوەی ناوەڕۆکی گونجاو بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە زانیارییەکان کە هەواڵی ساختەیە، چونکە توانای شیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری هەیە لە داتاو زانیاری و دەستنیشانکردنی ئەو شێوازو ڕەوتانەی کە ئاماژەن بۆ زانیاری هەڵە، بەو پێیەی ئەلگۆریتمەکانی تایبەتمەند لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنگ لە دۆزینەوەی زانیاری هەڵە و وێنە و ڤیدیۆی دروستکراو دەگێڕن.(Kotenidis, E., 2021: 244 )

بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد پێشکەوتنێکی بێ وێنەی لە بواری میدیای هەواڵدا دابین کردووە بە بەکارهێنانی داتا و گۆڕینی بۆ هەواڵ لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانەوە کە بەشدارن لە خێرایی جێبەجێکردنی ڕێکارە ئاڵۆزەکان لەسەر بنەمای بڕێکی زۆر لە داتا، پشتگیری ڕۆژنامەگەری دەکەن لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە لە ڕووداوەکان و دابینکردنی ڕەشنووسی دەقەکان بۆ تەواوکردنی زانیاری کۆنتێکست و هەروەها فراوانکردنی ڕوومالکردنی میدیا.

تەوری سێهەم/پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

خشتەی (٢)
تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 53 | ٦٦،٢ | 1 |
| | مێ | 27 | ٣٣،٨ | 2 |
| | کۆی گشتی | ٨٠ | %١٠٠ | |
| تەمەن | کەمتر لە ٣٠ ساڵ | ٢ | ٢،٥ | ٥ |
| | ٣٠ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ | ٦ | ٧،٥ | ٤ |
| | ٣٦ ساڵ بۆ ٤٠ ساڵ | ١٦ | ٢٠ | ٣ |
| | ٤١ بۆ ٤٥ ساڵ | ٢٢ | ٢٧،٥ | ٢ |
| | ٤٦ ساڵ وزیاتر | ٣٤ | ٤٢،٥ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٨٠ | %١٠٠ | |
| بڕوانامە | ماستەر | ٣٣ | ٤١،٢ | ٢ |
| | دکتۆرا | ٤٧ | ٥٨،٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٨٠ | %١٠٠ | |
| نازناوی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | ٢١ | ٢٦،٢ | ٢ |
| | مامۆستا | ١٥ | ١٨،٨ | ٣ |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٣٦ | ٤٥ | ١ |
| | پرۆفیسۆر | ٨ | ١٠ | ٤ |
| | کۆی گشتی | ٨٠ | %١٠٠ | |
| پارێزگا | هەڵەبجە | ٦ | ٧،٥ | ٣ |
| | دهۆک | ٣ | ٣،٧ | ٤ |
| | هەولێر | ٢٨ | ٣٥ | ٢ |
| | سلێمانی | ٤٣ | ٥٣،٨ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٨٠ | %١٠٠ | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە لەرەگەزدا (نێر) و ولەتەمەندا (٤٦ ساڵ و زیاتر) ولەبروانامەدا (دکتۆرا) و لەپلەی زانستیدا (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) ولەزانکۆدا (سلێمانی) ولەپارێزگادا (سلێمانی) بەپلەی یەکەم دێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی پراکتیکی ئامرازی توێژینەوەکەیە لەسەر سامپڵی وەرگیراو.

دووەم/ وەڵامی سامپڵی توێژینەوە

خشتەی (٣)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و خێرایی پەیام لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا

| زیرەکی دەستکرد / خێرایی پەیام | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆکردنەوەی‌زانیاری بۆ بەرنامە هەواڵییەکان خێراتر دەکات. | ٣٢ | ٤٠ | ٥ | ٣ | ٠ | ٤،٢٦ | ٠،٧٤٢ | ١ |
| سەبارەت بە بارودۆخەکان زووتر وەڵامی پرسەکان دەداتەوە. | ٢٨ | ٤٤ | ٥ | ٣ | ٠ | ٤،٢١ | ٠،٧٢٤ | ٣ |
| پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ خێراتر دەکات | ٣٠ | ٤١ | ٦ | ٣ | ٠ | ٤،٢٢ | ٠،٧٤٦ | ٢ |
| لە شیکاری هەوالدا پرۆسەی شیکاری داتاکان خێراتر دەکات. | ٢٥ | ٤٠ | ١١ | ٤ | ٠ | ٤،٠٨ | ٠،٨٠٨ | ٥ |
| خێرایی بەکارهێنانی‌زیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە. | ٣٠ | ٣٣ | ١٤ | ٤ | ١ | ٤،٠٩ | ٠،٩١٧ | ٤ |
| خێرایی زیرەکی دەستکرد وا لە تەماشەکاران دەکات کە نەتوانن بەئاسانی بڕیار بدەن سەبارەت بەراستی و دروستی ناوەڕۆکی دروستکراو. | ٢٣ | ٣٥ | ١٦ | ٦ | ٠ | ٣،٩٤ | ٠،٨٩١ | ٧ |
| خێرایی لەڕێگەی‌زیرەکی دەستکردەوە دەبێتە هۆی هەڵە و کەمبوونەوەی متمانەی تەماشاکاران بە هەواڵەکە. | ٢٢ | ٣٨ | ١٤ | ٦ | ٠ | ٣،٩٥ | ٠،٨٧٠ | ٦ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و خێرایی پەیام لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەرنامە هەواڵییەکان خێراتر دەکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٢٦) و لادانی پێوەری (٠،٧٤٢)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ خێراتر دەکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٢٢) و لادانی پێوەری (٠،٧٤٦)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی سەبارەت بە بارودۆخەکان زووتر وەڵامی پرسەکان دەداتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٢١) و لادانی پێوەری (٠،٧٢٤)، بەپلەی چوارەم دەڵێن خێرایی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٩) و لادانی پێوەری (٠،٩١٧)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن لە شیکاری هەوالدا پرۆسەی شیکاری داتاکان خێراتر دەکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٨) و لادانی پێوەری (٠،٨٠٨)، بەپلەی شەشەم پێیان وایە خێرایی لەڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دەبێتە هۆی هەڵە و کەمبوونەوەی متمانەی تەماشاکاران بە هەواڵەکە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٥) و لادانی پێوەری (٠،٨٧٠)، بەپلەی حەوتەم ئاماژەیان بەوەداوە کە خێرایی زیرەکی دەستکرد وا لە تەماشەکاران دەکات کە نەتوانن بەئاسانی بڕیار بدەن سەبارەت بە راستی و دروستی ناوەڕۆکی دروستکراو بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٤) و لادانی پێوەری (٠،٨٩١)،
ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەئێستای ژینگەی کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکان لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان بەتایبەتی پشت بەزیرەکی دەستکرد دەبەسترێت بەمەبەستی خێرایی پەیام لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەرنامە هەواڵییەکان خێراتر دەکات. واتە ئەم گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە نوێیەی هەزارەی سێهەم کەزیرەکی دەستکردی هێناوەتەدی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیاتر خۆگونجاندن و بەردەوامبوونی کەناڵە میدیاییەکان لەگەڵ تایبەتمەندی خێرایی لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بەو مەرجەی کارنەکاتە سەر ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لەرووی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان. لێرەوە دەردەکەوێت خیرایی کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەمهێنان هۆکارێکی گرنگن بۆ زیادکردنی تەماشاکردن و مانەوەی بینەر بەدیار بەرنامەهەواڵیەکانەوە لەبەر ئەوەی بینەران زیاتر بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێن تاکو بەشێوەیکی بەدەستی بهێنن بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداو و پێشهاتەکان.

خشتەی (٤)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و کوالێتی زانیاری لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا

| زیرەکی دەستکرد / کوالێتی زانیاری | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نیوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەیە کە بەشێوەیەکی تەقلیدیی چارەسەر ناکرێن. | ١٥ | ٣٧ | ١٩ | ٨ | ١ | ٣،٧١ | ٠،٩٣٠ | ٤ |
| توانای شیکاری زانیاری هەواڵی هەیە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە. | ١٠ | ٤٩ | ١٥ | ٦ | ٠ | ٣،٧٩ | ٠،٧٥٨ | ١ |
| رێگرە لە لایەنگیری سەبارەت بە بەیانکردنی زانیاری ناو هەواڵ. | ٧ | ٣٦ | ٢٥ | ١١ | ١ | ٣،٤٦ | ٠،٨٨٥ | ٧ |
| دەتوانێت بەخێرایی وبەبێ هەڵە پرۆسەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە شوێنی داواکراو ئەنجام بدات. | ٧ | ٣٣ | ١٦ | ٢٢ | ٢ | ٣،٢٦ | ١،٠٤٠ | ٩ |
| دەتوانێت ڕێکخستنی زانیارییەکان بەشێوەیەک بکات کە جێگەی باوەڕ بن. | ٩ | ٣٧ | ٢٠ | ١٣ | ١ | ٣،٥٠ | ٠،٩٤١ | ٦ |
| دەتوانێت بەشێوەیەک زانیارییەکان دیزاین بکات سەرنج ڕاکێش و ورد بن لە هەژمارکردنی داتاکانیان. | ١١ | ٤٧ | ١٤ | ٨ | ٠ | ٣،٧٦ | ٠،٨١٥ | ٢ |
| وادەکات زانیاری ناو هەواڵەکان کەمتر لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. | ٨ | ٢٨ | ٢٥ | ١٧ | ٢ | ٣،٢٩ | ٠،٩٩٦ | ٨ |
| چەمکەکان بەبێ ئامانجی دیاریکراو بەکاردەهێنیت | ٦ | ٣٩ | ٢٦ | ٩ | ٠ | ٣،٥٣ | ٠،٧٩٥ | ٥ |
| داهێنان لەناو دەبات سە بارەت بە قاڵبەکانی گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵ. | ١٧ | ٣٨ | ١٥ | ٨ | ٢ | ٣،٧٥ | ٠،٩٨٧ | ٣ |
| ناتوانێت هەمان ئاستی کوالێتی زانیاری لە هەموو بوار و بابەتەکانی بەرنامەهەواڵییەکاندا مسۆگەر بکات. | ١٣ | ٤٢ | ١٧ | ٨ | ٠ | ٣،٧٥ | ٠،٨٤٩ | ٣ |
| وردبینی زانیارییەکان کەم دەکاتەوە. | ١١ | ٣٢ | ٢٥ | ١٢ | ٠ | ٣،٥٣ | ٠،٩١٤ | ٥ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و کوالێتی زانیاری لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە توانای شیکاری زانیاری هەواڵی هەیە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٧٩) و لادانی پێوەری (٠،٧٥٨)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە دەتوانێت بەشێوەیەک زانیارییەکان دیزاین بکات سەرنج ڕاکێش و ورد بن لە هەژمارکردنی داتاکانیان بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٧٦) و لادانی پێوەری (٠،٨١٥)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی داهێنان لەناو دەبات سە بارەت بە قاڵبەکانی گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵ و ناتوانێت هەمان ئاستی کوالێتی زانیاری لە هەموو بوار و بابەتەکانی بەرنامە هەواڵییەکاندا مسۆگەر بکات بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٧٥) بۆ هەریەکەیان، بەپلەی چوارەم دەڵێن توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەیە کە بەشێوەیەکی تەقلیدیی چارەسەر ناکرێن بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٧١) و لادانی پێوەری (٠،٩٣٠)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە چەمکەکان بەبێ ئامانجی دیاریکراو بەکاردەهێنیت و وردبینی زانیارییەکان کەم دەکاتەوە بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٥٣) و لادانی پێوەری (٠،٩١٤)، بەپلەی شەشەم پێیان وایە دەتوانێت ڕێکخستنی زانیارییەکان بەشێوەیەک بکات کە جێگەی باوەڕ بن بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٥٠) و لادانی پێوەری (٠،٩٤١)، بەپلەی حەوتەم ئاماژەیان بەوەداوە کە رێگرە لە لایەنگیری سەبارەت بە بەیانکردنی زانیاری ناو هەواڵ بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٤٦) و لادانی پێوەری (٠،٨٨٥)، بەپلەی هەشتەم دەڵێن کە وادەکات زانیاری ناو هەواڵەکان کەمتر لێکدانەوەیان بۆ بکرێت بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٢٩) و لادانی پێوەری (٠،٩٩٦)، بەپلەی نۆیەم وای بۆ دەچن کە دەتوانێت بەخێرایی وبەبێ هەڵە پرۆسەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە شوێنی داواکراو ئەنجام بدات بە نیوەندی ژمێرەیی (٣،٢٦) و لادانی پێوەری (١،٠٤٠)، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان دەتوانن لەبەکارهێنانی زیرەکی دەستکردا کوالێتی زانیاری لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرز بکەنەوە. بێگومان توانای شیکاری زانیاری هەواڵی هەیە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە، واتە زیرەکی دەستکرد پرۆسەی شرۆڤەکردن و راڤەکردنی زانیارییەکانی نێو هەواڵی ئاسانتر و فراوانتر و وردتر کردوە بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، کەبەشێوەیەکی خێرا وبەبێ هەڵە پرۆسەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە شوێنی داواکراو ئەنجام بدات.

خشتەی (٥)

بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و کوالێتی وێنە لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا

| زیرەکی دەستکرد / کوالێتی وێنە | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەتوانێت گۆشە نیگا و وێنەی نوێ و داهێنەرانە دیاریبکات بۆ ڕوونکردنەوەی هەواڵ. | ١٥ | ٤٦ | ١١ | ٨ | ٠ | ٣،٨٥ | ٠،٨٤٣ | ٨ |
| دەتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەنگ و ڕووناکی وێنەکان ڕێک بخات. | ١٧ | ٤٥ | ١٣ | ٥ | ٠ | ٣،٩٣ | ٠،٧٩٢ | ٥ |
| دەتوانێت کوالیتی وێنەکان بەرز بکاتەوە. | ٢٢ | ٤٠ | ١٢ | ٦ | ٠ | ٣،٩٨ | ٠،٨٥٦ | ٣ |
| دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆپەیوەندیدار بە هەواڵەوە بەخێرایی دەستەبەر بکات. | ٢٠ | ٤٠ | ١٣ | ٧ | ٠ | ٣،٩١ | ٠،٨٧٤ | ٦ |
| دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆی گونجاو لەگەڵ ناوەرۆکی هەواڵ بەخێرایی دەستەبەر بکات. | ١٨ | ٤٣ | ١٠ | ٩ | ٠ | ٣،٨٨ | ٠،٨٩١ | ٧ |
| یارمەتیدەرە لە دەستنیشانکردنی هەواڵی وێنەیی ساختە. | ١٦ | ٢٨ | ٢٦ | ٩ | ١ | ٣،٦١ | ٠،٩٧٤ | ١١ |
| توانای دروستکردنی وێنەی جوڵاوی هەیە لە داتاکان بەشێوەیەکی ئاست بەرز. | ١٤ | ٥١ | ١٣ | ٢ | ٠ | ٣،٩٦ | ٠،٦٦٥ | ٤ |
| دەتوانێت پرۆسەی گەڕان بەدوای وێنەدا ئاسانتر بکات. | ٢٣ | ٥١ | ٣ | ٣ | ٠ | ٤،١٨ | ٠،٦٧١ | ٢ |
| ئەو وێنانەی کە بەزیرەکی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێن وادەکات باشتر لە هەواڵەکان تێبگەین. | ١٤ | ٣٥ | ٢٣ | ٧ | ١ | ٣،٦٨ | ٠،٩١١ | ١٠ |
| گومان دەخاتە سەر ڕاستی وێنەکان. | ٢٠ | ٣٩ | ١٤ | ٦ | ١ | ٣،٨٩ | ٠،٩١٤ | ٧ |
| دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆکان بەزیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆی شێواندنی داتاکان و هۆی نەمانی متمانە لای ووگر. | ٢٠ | ٣٧ | ١٣ | ٩ | ١ | ٣،٨٣ | ٠،٩٧٨ | ٩ |
| دەتوانێت ساختەکاری قوڵ ئەنجامبدات. | ٣١ | ٣٦ | ١٠ | ٣ | ٠ | ٤،١٩ | ٠،٧٩٧ | ١ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و کوالێتی وێنە لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە دەتوانێت ساختەکاری قوڵ ئەنجامبدات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،١٩) و لادانی پێوەری (٠،٧٩٧)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە دەتوانێت پرۆسەی گەڕان بەدوای وێنەدا ئاسانتر بکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،١٨) و لادانی پێوەری (٠،٦٧١)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی دەتوانێت کوالیتی وێنەکان بەرز بکاتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٨) و لادانی پێوەری (٠،٨٥٦)، بەپلەی چوارەم دەڵێن توانای دروستکردنی وێنەی جوڵاوی هەیە لە داتاکان بەشێوەیەکی ئاست بەرز بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٦) و لادانی پێوەری (٠،٦٦٥)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە دەتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەنگ و ڕووناکی وێنەکان ڕێک بخات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٣) و لادانی پێوەری (٠،٧٩٢)، بەپلەی شەشەم پێیان وایە دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆی پەیوەندیدار بە هەواڵەوە بەخێرایی دەستەبەر بکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩١) و لادانی پێوەری (٠،٨٧٤)، بەپلەی حەوتەم ئاماژەیان بەوەداوە کە گومان دەخاتە سەر ڕاستی وێنەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٨) و لادانی پێوەری (٠،٨٩١)، بەپلەی هەشتەم دەڵێن کە دەتوانێت گۆشە نیگا و وێنەی نوێ و داهێنەرانە دیاریبکات بۆ ڕوونکردنەوەی هەواڵ بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٥) و لادانی پێوەری (٠،٨٤٣)، بەپلەی نۆیەم وای بۆ دەچن کە دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆکان بە زیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆی شێواندنی داتاکان و هۆی نەمانی متمانە لای وەرگر بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٣) و لادانی پێوەری (٠،٩٧٨)، بەپلەی دەیەم پێیان وایە ئەو وێنانەی کە بە زیرەکی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێن وادەکات باشتر لە هەواڵەکان تێبگەین بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٨) و لادانی پێوەری (٠،٩١١)، بەپلەی یازدەیەم ئاماژەیان بەوەداوە کە یارمەتیدەرە لە دەستنیشانکردنی هەواڵی ساختە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦١) و لادانی پێوەری (٠،٩٧٤).

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، سەرەڕای بوونی چەندین سوود، بەلام گەر بەوریایی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت دەبێت ببێتە هۆی ئەنجامدانی ساختەکاری قووڵ، لایەنێکی تری ئەنجامی ئەم خشتەیە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان لە پشت بەستن بە زیرەکی دەستکرد بەمەبەستی کوالێتی وێنە لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان دەتوانێت پرۆسەی گەڕان بەدوای وێنەدا ئاسانتر بکات، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد پرۆسەی گەران و بەدەستخستن و هەڵبژاردنی وێنەی نێو هەواڵی زۆر خێرا و گونجاو و دیاریکراو کردووە بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، بەشێوەیەک ساختە و هەڵە و کەموکوری لە پرۆسەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی وێنە لە شوێنی دیاریکراو بەشێوەیەکی

باش ئەنجامدەدات. ئەمەش ڕاستەخۆ کاردەکاتە سەر دروستکردنی سەرنج لای تەماشاکاران.

خشتەی (٦)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و ئەدای کارکردنی میدیاکار لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا
ا

| زیرەکی دەستکرد / ئەدای کارکردنی میدیاکار | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یارمەتی میدیاکار دەدات لە تەواوکردنی کارەکانی بە شێوەیەکی ورد و بێ کەموکورتی. | ١٦ | ٣٥ | ١٤ | ١٥ | ٠ | ٣،٦٥ | ١،٠٠٨ | ٦ |
| یارمەتی میدیاکاران دەدات کە شارەزایی نوێ بەدەست بهێنن. | ١٨ | ٥٠ | ٩ | ٣ | ٠ | ٤،٠٤ | ٠،٧٠٢ | ١ |
| یارمەتی میدیا کار دەدات لەسەر بنەمای داتای ورد  شیکاری دروست بخاتەڕوو. | ١٩ | ٢٩ | ٢٧ | ٥ | ٠ | ٣،٧٨ | ٠،٨٨٦ | ٤ |
| توانای داهێنانی میدیاکاران کەم دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ. | ٢٥ | ٣٤ | ١٤ | ٦ | ١ | ٣،٩٥ | ٠،٩٥٣ | ٢ |
| دەبێتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ و ترس بۆ لەدەستدانی کار لەلایەن میدیاکاران. | ٢٠ | ٣٧ | ١٦ | ٦ | ١ | ٣،٨٦ | ٠،٩٢٤ | ٣ |
| وادەکات هەستی دڵسۆزی و پابەندبوونی میدیاکاران بە کارەکەیان کەم بکاتەوە. | ١٩ | ٢٨ | ٢٤ | ٩ | ٠ | ٣،٧١ | ٠،٩٥٧ | ٥ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و ئەدای کارکردنی میدیاکار لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە یارمەتی میدیاکاران دەدات کە شارەزایی نوێ بەدەست بهێنن بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٤) و لادانی پێوەری (٠،٧٠٢)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە توانای داهێنانی میدیاکاران کەم دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٥) و لادانی پێوەری (٠،٩٥٣)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی دەبێتە هۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ و ترس بۆ لەدەستدانی کار لەلایەن میدیاکاران بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٦) و لادانی پێوەری (٠،٩٢٤)، بەپلەی چوارەم دەڵێن یارمەتی میدیا کار دەدات لەسەر بنەمای داتای ورد شیکاری دروست بڕیاربدەن بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٨) و لادانی پێوەری (٠،٨٨٦)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە وادەکات هەستی دڵسۆزی و پابەندبوونی میدیاکاران بە کارەکەیان کەم بکاتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧١) و لادانی پێوەری (٠،٩٥٧)، بەپلەی شەشەم پێیان وایە یارمەتی میدیاکار دەدات لە تەواوکردنی کارەکانی بە شێوەیەکی ورد و بێ کەموکورتی بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٥) و لادانی پێوەری (١،٠٠٨).

ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دا بەمەبەستی ئەدای کارکردنی میدیاکار لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان یارمەتی میدیاکاران دەدات کە شارەزایی نوێ بەدەست بهێنن، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد سروشتی کارکردن و ژینگەی گشتی کەناڵ و شێوازی مامەڵەکردنی لەپرۆسەکەدا گۆڕیوە و میدیاکار خێراتر و باشتر و بابەتیانەتر کارەکانی خۆی لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئەنجام. ئەمەش وادەکات بەشێوەیکی ورد و زانستی ناوەڕۆکی میدیایی بەرهەمبهێنێت وبیدات بە وەرگران هەروەها  ڕاستەوخۆ ئاستی تەماشاکردن زیاد بکات بۆ بینینی ناوەڕۆکی هەواڵی.

خشتەی (٧)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و تێکست لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا

| زیرەکی دەستکرد / تێکست | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خێرایی ئامادەکردنی تێکست زیاد دەکات. | ٣٤ | ٤٥ | ٠ | ١ | ٠ | ٤،٤٠ | ٠،٥٦٥ | ١ |
| یارمەتی باشترکردنی ڕێنووس دەدات. | ١٩ | ٣٢ | ١٨ | ٨ | ٣ | ٣،٧٠ | ١،٠٦٠ | ٦ |
| یارمەتی دروستی ڕێزمان دەدات. | ١٧ | ٢٣ | ٢٢ | ١٤ | ٤ | ٣،٤٤ | ١،١٥٧ | ١٣ |
| یارمەتی جوانکردنی ستایلی نووسین دەدات. | ١٧ | ٣٦ | ١٧ | ٨ | ٢ | ٣،٧٣ | ٠،٩٩٣ | ٥ |
| یارمەتی دروستی خاڵبەندی دەدات. | ١٧ | ٢٣ | ٢٩ | ٨ | ٣ | ٣،٥٤ | ١،٠٥٥ | ١٢ |
| دەتوانێت ناوەڕۆکی سەرنج ڕاکێش دابڕێژێت. | ١٦ | ٤٣ | ١٤ | ٦ | ١ | ٣،٨٤ | ٠،٨٧٨ | ٤ |
| پرۆسەی نووسینی بۆ ئەو کەسانە ئاسانتر کردووە کە ئەزموونی کەمیان هەیە. | ٢١ | ٤٨ | ٨ | ٣ | ٠ | ٤،٠٩ | ٠،٧١٥ | ٢ |
| ئاسانکارە بۆ میدیاکاران لە ڕووی فەراهەمبوونی هەمەجۆری تێکست بۆ ناوەڕۆکەکانیان. | ١٨ | ٤٩ | ١٠ | ٣ | ٠ | ٤،٠٣ | ٠،٧١١ | ٣ |
| دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی متمانە بە تێکستە بەرهەمهاتووەکان. | ١٢ | ٤٠ | ١٨ | ١٠ | ٠ | ٣،٦٨ | ٠،٨٨٣ | ٧ |
| دەبێتە هۆی ئەوەی تێکستەکان هەموویان وەک یەک بن. | ١٥ | ٣٧ | ١٦ | ١٠ | ٢ | ٣،٦٦ | ١،٠٠٦ | ٨ |
| دەبێتە هۆی نەمانی ڕۆڵی نووسەر لە نوسیندا. | ١٢ | ٤٣ | ١٣ | ٩ | ٣ | ٣،٦٥ | ٠،٩٩٥ | ٩ |
| بەشێوەیەکی نەرێنی لەسەر ڕێزمانی کوردی ڕەنگدەداتەوە. | ١٣ | ٣٤ | ٢١ | ١٠ | ٢ | ٣،٥٨ | ٠،٩٩١ | ١١ |
| وادەکات لە پێکەوە بەستنی بیرۆکە لەنێو تێکستەکاندا سەرکەوتوونەبێت. | ١٣ | ٣٥ | ٢٢ | ٩ | ١ | ٣،٦٣ | ٠،٩٣٣ | ١٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و تێکست لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە خێرایی ئامادەکردنی تێکست زیاد دەکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٤٠) و لادانی پێوەری (٠،٥٦٥)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە پرۆسەی نووسینی بۆ ئەوکەسانە ئاسانترکردووە کە ئەزموونی کەمیان هەیە بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٩) و لادانی پێوەری (٠،٧١٥)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی ئاسانکارە بۆ میدیاکاران لە ڕووی فەراهەمبوونی هەمەجۆری تێکست بۆ ناوەرۆکەکانیان بە نێوەندی ژمێرەیی (٤،٠٣) و لادانی پێوەری (٠،٧١١)، بەپلەی چوارەم دەڵێن دەتوانێت ناوەرۆکی سەرنج ڕاکێش دابڕێژێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٤) و لادانی پێوەری (٠،٨٧٨)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە یارمەتی جوانکردنی ستایلی نووسین دەدات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٣) و لادانی پێوەری (٠،٩٩٣)، بەپلەی شەشەم بۆچوونیان وایە کە یارمەتی باشترکردنی ڕێنووس دەدات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٠) و لادانی پێوەری (١،٠٦٠)، بەپلەی حەوتەم پێیان وایە کە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی متمانە بە تێکستە بەرهەمهاتووەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٨) و لادانی پێوەری (٠،٨٨٣)، بەپلەی هەشتەم ئاماژەیان داوە بەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی تێکستەکان هەموویان وەک یەک بن بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٦) و لادانی پێوەری (١،٠٠٦)، بەپلەی نۆیەم دەڵێن دەبێتە هۆی نەمانی ڕۆڵی نووسەر لە نوسیندا بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٥) و لادانی پێوەری (٠،٩٩٥)، بەپلەی دەیەم وای بۆ دەچن کە وادەکات لە پێکەوە بەستنی بیرۆکە لەنێو تێکستەکاندا سەرکەوتوونەبێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٣) و لادانی پێوەری (٠،٩٣٣)، بەپلەی یازدەیەم بۆچوونیان وایە کە بەشێوەیەکی نەرێنی لەسەر ڕێزمانی کوردی ڕەنگدەداتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٥٨) و لادانی پێوەری (٠،٩٩١)، بەپلەی دوازدەیەم پێیان وایە کە یارمەتی دروستی خاڵبەندی دەدات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٥٤) و لادانی پێوەری (١،٠٥٥)، بەپلەی سیازدەیەم ئاماژەیان داوە بەوەی یارمەتی دروستی ڕێزمان دەدات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٤٤) و لادانی پێوەری (١،١٥٧).

ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان لە پشت بەستن بە زیرەکی دەستکرد بەمەبەستی ئامادەکردنی تێکست لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان خێرایی ئامادەکردنی تێکست زیاد دەکات، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد ئاسانکاری زۆر دەکات بۆ میدیاکار تاوەکو خێراتر و باشتر و وردتر کارەکانی خۆیان لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئەنجام بدەن، بەشێوەیەک کاردانەوەی لەسەر کاری ڕۆژانەیان هەبێت.

خشتەی (٨)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا

| زیرەکی دەستکرد / کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ داهێنان لە شێوازی پێشکەشکردنی هەواڵ بە شێوەی دەنگی و وێنەیی. | ١٧ | ٤٧ | ١٢ | ٣ | ١ | ٣،٩٥ | ٠،٧٩٤ | ٢ |
| وادەکات کوالێتی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرزتر بکاتەوە. | ١٩ | ٤٤ | ١٣ | ٤ | ٠ | ٣،٩٨ | ٠،٧٧٩ | ١ |
| لەڕێی بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی و وێنەیی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی متمانەی زیاتری وەرگر بە بەرنامە هەواڵییەکان. | ١١ | ٣١ | ٣٠ | ٧ | ١ | ٣،٥٥ | ٠،٨٨٤ | ٥ |
| بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرنامە هەواڵییەکاندا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەسەنایەتی. | ١٥ | ٣٢ | ١٩ | ١٣ | ١ | ٣،٥٩ | ١،٠١٥ | ٤ |
| بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرنامە هەواڵییەکاندا دەبێتە هۆی دڵەراوکێی وەرگر بەهۆی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان. | ١٥ | ٣٣ | ٢١ | ١٠ | ١ | ٣،٦٤ | ٠،٩٧١ | ٣ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە وادەکات کوالێتی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرزتر بکاتەوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٨) و لادانی پێوەری (٠،٧٧٩)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ داهێنان لە شێوازی پێشکەشکردنی هەواڵ بە شێوەی دەنگی و وێنەیی بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٥) و لادانی پێوەری (٠،٧٩٤)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرنامە هەواڵییەکاندا دەبێتە هۆی دڵەراوکێی وەرگر بەهۆی کارتێکەرە دەنگی و بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٦٤) و لادانی پێوەری (٠،٩٧١)، بەپلەی چوارەم دەڵێن بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرنامە هەواڵییەکاندا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەسەنایەتی بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٥٩) و لادانی پێوەری (١،٠١٥)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە لەڕێی بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی و وێنەیی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی متمانەی زیاتری وەرگر بە بەرنامە هەواڵییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٥٥) و لادانی پێوەری (٠،٨٨٤)، ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دا بەمەبەستی ئامادەکردنی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لەبەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان وادەکات کوالێتی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرزتر بکاتەوە، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕێگە خۆشکردن لەلای میدیاکار تاکو بتوانێت وردتر و باشتر و دیاریکراوتر کارەکانی خۆیان لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا ئەنجام بدەن. ئەمەش وادەکات بە شێوەیکی ورد و دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو کارتێکەرە وێنی و دەنگییانە بکات لە شوێنی دروستی خۆیان بەکاریان بهێنێت.

خشتەی (١١)
بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە سەبارەت بەزیرەکی دەستکرد و چێککردنی زانیارییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا
ا

| ریزبەندی | لادانی پێوەری | نێوەندی ژمێرەیی | تەواو هاوڕانیم | هاوڕانیم | دڵنیانیم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | زیرەکی دەستکرد / چێککردنی زانیارییەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠،٧٤٢ | ٣،٩٣ | ٠ | ٤ | ١٣ | ٤٨ | ١٥ | دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە وێنەیییەکانی ناو بەرنامەهەواڵییەکان. |
| ٣ | ٠،٧٦٥ | ٣،٨٥ | ٠ | ٥ | ١٥ | ٤٧ | ١٣ | دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە دەنگییەکانی ناو بەرنامەهەواڵییەکان. |
| ٣ | ٠،٨٧٣ | ٣،٨٥ | ٠ | ٧ | ١٦ | ٣٩ | ١٨ | بە خێرایی دەتوانێت چێکی تێکست و وێنەو دەنگەکان بکات. |
| ٢ | ١،٠٣٨ | ٣،٩٠ | ٣ | ٤ | ١٧ | ٣٠ | ٢٦ | زیرەکی دەستکرد تەنها توانای ناسینەوەی ئەو زانیاری هەواڵیانەی هەیە کە پێشتر پێی دراوە. |
| ٥ | ١،٠٦٠ | ٣،٣٨ | ٤ | ١٢ | ٢٥ | ٢٨ | ١١ | زیرەکی دەستکرد ناتوانێت چێکی سەرچاوەکانی زانیاری بەرنامە هەواڵییەکان بکات. |
| ٥ | ١،٠٣٦ | ٣،٣٨ | ٢ | ١٦ | ٢٣ | ٢٨ | ١١ | زیرەکی دەستکرد ناتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت بۆ هەڵبژاردنی زانیاری دروستی پەیوەندیدار بە بابەتە هەواڵییەکان. |
| ٤ | ٠،٩٥١ | ٣،٧٤ | ٠ | ٩ | ٢٢ | ٣٠ | ١٩ | میدیاکار تووشی هەڵە دەکات لەکاتی بەدواداچونی دروستی زانیاری بۆ زمانی کوردی. |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم بۆچوونیان سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و چێککردنی زانیارییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا ئەوەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە وێنەیییەکانی ناو بەرنامە هەواڵییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٣) و لادانی پێوەری (٠،٧٤٢)، بەپلەی دووەم پێیان وایە کە زیرەکی دەستکرد تەنها توانای ناسینەوەی ئەو زانیاری هەواڵیانەی هەیە کە پێشتر پێی دراوە بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٩٠) و لادانی پێوەری (١،٠٣٨)، بەپلەی سێیەم ئاماژەیان داوە بەوەی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە دەنگییەکانی ناو بەرنامەهەواڵییەکان، هەروەها بە خێرایی دەتوانێت چێکی تێکست و وێنەو دەنگەکان بکات بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٨٥) بۆ هەر یەکەیان، بەپلەی چوارەم دەڵێن میدیاکار تووشی هەڵە دەکات لەکاتی بەدواداچونی دروستی زانیاری بۆ زمانی کوردی بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٧٤) و لادانی پێوەری (٠،٩٥١)، بەپلەی پێنجەم وای بۆ دەچن کە زیرەکی دەستکرد ناتوانێت چێکی سەرچاوەکانی زانیاری بەرنامە هەواڵییەکان بکات، هەروەها زیرەکی دەستکرد ناتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت بۆ هەڵبژاردنی زانیاری دروستی پەیوەندیدار بە بابەتە هەواڵییەکان بە نێوەندی ژمێرەیی (٣،٣٨) بۆ هەریەکەیان.
ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان لە پشت بەستن بە زیرەکی دەستکرد بەمەبەستی چێککردنی زانیارییەکان لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا؛ بێگومان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە وێنەیییەکانی ناو بەرنامە هەواڵییەکان، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد هاوکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ میدیاکار لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا کەزۆر بەئاسانی و دیاریکراوی کار لەسەر دروستی و ڕاستی زانیارییەکان بکەن، بەشێوەیەک کەمترین لادانی یاسایی و ئیتیکی لە خودی پەیامەکاندا هەبن.

**دەرەنجام وراسپاردەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/دەرئەنجامی توێژینەوەکە**بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت خێرایی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەرنامەهەواڵیەکان زیاتر بکات و پرۆسەی بەرەهەمهێنان خێراتر بکات.لێرەوە دەردەکەوێت خیرایی کۆکردنەوەی زانیاری و بەرهەمهێنان هۆکارێکی گرنگن بۆ زیادکردنی تەماشاکردن و مانەوەی بینەر بەدیار بەرنامەهەواڵیەکانەوە لەبەر ئەوەی بینەران زیاتر بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێن کە شێوەیکی خێرا بەدەستی بهێنن بۆ ئاگادار بوون لە ڕوودا و پێشهاتەکان.بەو مەرجەی کارنەکاتە سەر ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لەرووی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان.

1-ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردیەکان دەتوانن لەبەکارهێنانی زیرەکی دەستکردا کوالێتی زانیاری لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرز بکەنەوە، لەبەر ئەوەی دەرکەتووە زیرەکی دەستکرد توانای شیکاری زانیاری هەوالی هەیە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە، واتە زیرەکی دەستکرد پرۆسەی شرۆڤەکردن و راڤەکردنی زانیارییەکانی نێو هەواڵی ئاسانتر

و فراوانتر و وردتر کردوه بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، کەبەشێوەیەکی خێرا وبەبێ هەڵە پرۆسەی ئامادەکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە شوێنی داواکراو ئەنجام بدات.
2-ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت کوالێتی کارتێکەرە دەنگی و وێنەییەکان لە بەرنامە هەواڵییەکاندا بەرزتر بکاتەوە، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد هۆکارێکی گرنگە بۆ رێگە خۆشکردن لەلای میدیاکار تاکو بتوانێت وردتر و باشتر و دیاریکراوتر مامەڵە لەگەڵ کارتێکەرە دەنگی و وێنەیەکاندا بکەن و بتوانن کوالیتی و شێوازی دەربڕینەکانی بینین و پێشکەشکردنی لەسەر شاشەی پێ جوانتر بکەن و ئاسانکاری بینین بۆ تەماشاکاران ئاسانتر بکەن.
3-ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە زیرەکی دەستکرد دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ڕەگەزە وێنەیییەکانی ناو بەرنامە هەواڵییەکان، بەجۆرێک زیرەکی دەستکرد هاوکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ میدیاکار  لەنێو کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکاندا کەزۆر بەئاسانی و دیاریکراوی کار لەسەر دروستی و راستی زانیارییەکان بکەن، بەشێوەیەک کەمترین لادانی یاسایی و ئیتیکی لە خودی پەیامەکاندا هەبن.ئەمەش وادەکات متمانەی زیاتر لای تەماشاکاران دروستبکات بۆ وەرگرتنی بەرنامەهەواڵیەکان.

### دووەم/ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

1-کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیرەکی دەستکرد وەك هاوکار بەکاربهێنن بۆ بواری وێنەگرتن و مۆنتاژی بەرنامەهەواڵیەکان لەبەر ئەوەی هاوکارێکی باشی ئەو دوو بواریەو و دەتوانێت بەوردی سەرنج چڕباتەوە و تەرکیز دروست بکات.
2-کەناڵەکانی ڕاگەیاندن   زیرەکی دەستکرد سود لێوەربگرن لەڕووی ستۆدیۆوە بەتایبەت ئەو تەکنیکە پێشکەوتوانەی پێوستی بە بەشداری کارایی زیرەکی دەستکرد هەیە، یان بە زیرەکی دەستکرد کاردەکات وەك تەکنیکیی ستۆدیۆی گریمانەی و ڕاستی پەرەپێدراو.
3-کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیرەکی دەستکرد زیاتر بەکاربهێنن بۆ لایەنی گرافیك بەتایبەت لە ڕووی پێدانی بیرۆکەوە  چونکە  دەتوانێت بیرۆکەکان بەپێی سەرنجی تەماشاکاران دروستبکات بە سود وەرگرتن لە شیکارکردنی هەستەکان.
4-کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر توڵەکانی زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنن بۆ چێککردنی زانیارییە گومان لێکراوەکان بەمەبستی پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و دروستی زانیاری و سەرچاوەکان.

### سێهەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

توێژەر پێشنیار دەکات کە توێژەرانی دوای خۆی چەند بابەتێکی ترهەیە کە لە دەرئەنجانی توێژینەوەکە دەرکەووتوە پێویستە توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت.
1-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رۆڵی زیرەکی دەستکرد  لە بەرەوپێشبردنی ئەدای کارکردن لای میدیاکاران لە بەرهەمهێنانی میدیایدا.
2-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رۆڵی زیرەکی دەستکرد لەبەرزکردنەوەی کوالێتی وێنە و دەنگ لەبەرهەمهێنانی میدیایدا.
3-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو بەرنامەهەواڵیەکان.
4-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی متمانە بە هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانی  زیرەکی دەستکرد لای تەماشاکاران لە پلاتفۆرمەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیدا.

### سەرچاوەکان


کتێب

به زمانی عەرەبی

- قاسم، حسن على، 2019، انتاج المواد السمع البصرية، قاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ط1.
- ماستەرنامەو تێزی دکتۆرا
- ماستەرنامە بەزمانی کوردی
- فەتحوڵا، ئیبراهیم سعید و حسن، نەبەز احمد، 2021، بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆندیدا لەکەناڵە ئاسمانیەکانی هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،ژمارە4، بەرگی 8

ماستەرنامە بەزمانی عەرەبی

- يحيى دعاك، زهراء بنت إبراهيم بن،2023، قياس العوامل المؤثرة في استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي لدى معلمي التعليم العام في ضوء النظرية الموحدة لقبول واستخدام التكنولوجيا، رسالة ماجستيرغير منشورة، المملكة العربية السعودية، حامعة جازان، كلية تربية.
- العطرة، حمادي، 2021، تحديات الذكاء الاصطناعي للقانون، رسالة ماجستير غيرمنشورة، جامعـــة قاصدي مرباح، كمية العموم الحقوق و العموم السياسية.

توێژینەوە بڵاوکراوەکان

توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی عەرەبی


- أحمد، عبد السلام علي، 2023، "دراسة حول استخدام الذكاء الاصطناعي في تعليم اللغات في الدول العربية." المجلة الليبية للدراسات الأكاديمية المعاصرة، العدد1، المجلد1.
- إسماعيل، هبة صبحي جلال،2023، الذكاء الاصطناعي: تطبيقاته و مخاطره التربوية، دراسة تحليلية، مجلة أفاق جديدة في تعليم الكبار،العدد33.
- أمينة، مولاي, اخرون، 2021، تطبيق الذكاء الاصطناعي والذكاء العاطفي في اتخاذ القرار، مجلة مجاميع المعرفة،المجلد:07،عدد،01.
- البياع،نيرة طارق مجيد,معارفي،محسن ،2023، توظيف الذكاء الاصطناعي في تطوير صناعة الاعلام العراقي من وجهة نظر الخبراء المختصين،مجلة نسق،جامعة الاديان والمذاهب، العدد5، مجلد35.
- الحربي، عايض بن مرزوق،2023، توظيف الذكاء الاصطناعى في بيئة الانتاج النلفزيونى، جامعة ام درمان الاسلامية، مجلة علوم الاتصال، المجلد الثامن، العدد الاول.
- الداود،منيرة بنت عبد العزيز،2021، واقع استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي في عمادة الموارد البشرية،مجلة الجامعة الاسلامية للعلوم التربوية واالجتماعية،ع5،ج2.
- السيد، شحاته، 2024، الدراية بالذكاء الاصطناعي في الصحافة الاشكاليات والآليات والتحديات، .المجلة العلمية لدراسات الإعلام الرقمي والرأي العام، العدد1.
- الشربيني، عمرو ابراهيم محمد، 2021، تأثير تطورتقنيات الذكاء الاصطناعى على العمل الشرطى الموجهة الحروب النفسية،مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، عدد خاس المؤتمر الدولي السنوى العشرون.
- العزام، نورة محمد عبدالله،2020، دور الذكاء الاصطناعي فى رفع كفاءة النظم الادارية لادارة الموارد البشرية بجامعة تبوك، جامعة سوهاج، المجلة التربوية، عدد 84،ج1.
- العزة، مالك رحاب محمود ، 2021، إستخدام التقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها على زيادة متابعة مشاهدة البرامج الإخبارية في التلفزيون الأردني،مجلة العربية للعلوم ونشر ابحاث، المجلد6، العدد4.
- الفلاحي، حسين على ابراهيم،2023، انعكاسات تقنيات الذكاء الاصطناعى واداواته على الممارسة الصحفية، مجلة دراسات وبحوث الاعلامية،كلية الاعلام بالجامعة العراقية،ع01.
- جباري لطيفة،2017، نماذج الذكاء الاصطناعي في اتخاذ القرار، مجلة العلوم الانسانية، المركز الجامعي تندوف، الجزائر، العدد1.
- خليدة، مهرية،2023، تطبيقات الذكاء الاصطناعي في تطوير التعليم االلكتروني التعليم الرقمي، المجلة العربية للتربية النوعية، المؤسسة العربية للترب ية والعلوم واآلداب،المجلد7، ع 25.
- شنبى،صورية,بن لخضر، السعيد،2022،إعداد قادة المستقبل باستخدام تقنيات الذكاء الاصطناعي،مجلة آفاق علوم الادارة والاقتصاد،جزائر،ع01، ج6.
- عبدالله، سرمد احمد و حازم، مينا حارث 2025، دور تقنيات الذكاء الاصطناعي فى التحرير الاخباري عبر وسائل الاعلام الرقمية ، مجلةواسط للعلومالانسانية ،عدد3، مجلد21
- عبدالستار، مصعب ثائر،2021، المسؤولية التقصيرية المتعلقة بالذكاء الاصطناعى، مجلة العلوم القانونية والسياسية، مجلد،10 ع،2.
- عبدالكريم، عبدالرزاق،2024، المخاطر الاخلاقية لتطبيقات الذكاء الاصطناعي، مجلة كلية الرتبية ببنها، جامعة الازهر بالقاهرة،ع137،ج1.
- عبده، الاءمحمد السيد، 2023، الذكاء الاصطناعي بين كلا من التسويق الاصطناعي والاعلان الذكي، مجلة العمارة والفنون والعلوم الانسانية، المجلد8، العدد38.
- علي، أشرف رجب عطا ، 2024، "تحديات تدريس الإعلام في الجامعات المصرية في ضوء متطلبات الثورة الصناعية الرابعة وتطبيقات الذكاء الاصطناعي،" مجلة بحوث التربية النوعية، عدد81.
- عوضين، فايق، 2022، استخدام تقنيات الذكاء الاصطناعي بين المشروعية وعدم المشروعية، المجلة الجنائية القومية، مج ،65 ع،1.
- عطية، محمد ثروت محمد، 2025، توظيف تقنيات الذكاء الاصطناعي في المؤسسات الصحفية ، مجلة بحوث الإعلام الرقمي،عدد8، المجلد 8.
- محمد، عمارطاهر,سعيد، شريف، 2014، "اعتماد جمهور مدينة بغداد على نشرات الاخبار بالقنوات الفضائية كمصدر للمعلومات، مجلة الباحث الاعلامى، العدد26.
- ياسين، اخرون، 20222، الذكاء الاصطناعي وصعوبات التعلم، الجزائر، مجلة القياس والدراسات النفسية، العدد04، المجلد

الاول.

**تویژینەوە بڵاوکراوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


- Ojoajogwu, H. M., Ter Akase, M., & Igyuve, A. I. (2025). Adoption of Artificial Intelligence in News Production by Select Broadcast Stations in North-Central, Nigeria. *International Journal of Sub-Saharan African Research*, *3*(1)
- assir-Al-Qusi, A.S. and Jabbar, A. (2023) 'Using of Artificial Intelligence Applications For Development of Learning and Educating Process', Al-Mansour Journal, 14(1

- Akgun, Selin, and Christine Greenhow,2022, "Artificial intelligence in education: Addressing ethical chal-lenges in K-12 settings." AI and Ethics 2, no. 3,
- Ali, W., & Hassoun, M,2019, Artificial intelligence and automated journalism: Contemporary challenges and new opportunities." International journal of media, journalism and mass communi-cations 5, no. 1,.
- Aissani, R., Abdallah, R. A. Q., Taha, S., & Al Adwan, M. N,2023, June, Artificial Intelligence Tools in media and journalism: Roles and concerns. In 2023 International Conference on Multimedia Computing, Networking and Applications (MCNA) (pp. 23). IEEE
- Kotenidis, E. and Veglis, A., 2021. Algorithmic journalism—Current applications and future perspectives. Journalism and Media, 2(2).


الذكاء الاصطناعي ودوره في زيادة مشاهدة البرامج الإخبارية في القنوات التلفزيونية الكردية


**الملخص (Abstract)**

إن الهدف الرئيسى من هذه الدراسة التي تحت عنوان (الذكاء الاصطناعي ودوره في زيادة مشاهدة البرامج الإخبارية في القنوات التلفزيونية الكردية)، هو معرفة دور الذكاء الاصطناعي في زيادة مشاهدة البرامج الإخبارية في القنوات التلفزيونية الكردية. استخدمت الدراسة هذه - التي هي من نوع الدراسات الوصفية- المنهج المسحي وذالك لمسح عينة من الإعلاميين المتخصصين في إقليم كردستان. وقد تمت عملية الاقتباس أو الاختيار لتدريسي أقسام الإعلام في الجامعات الحكومية في إقليم كردستان في ظل تطويق أو إحاطة شاملة. واعتمدت بدورها على الأسلوب الكمي للإجابة على تساؤلات الدراسة وأهدافها. فتوصل الباحث إلى نتائج كثيرة ومن أهمها:

أظهرت نتائج الدراسة أن الذكاء الاصطناعي يمكن أن يزيد من سرعة جمع البيانات للبرامج الإخبارية ومعالجتها، فيتبين لنا أن سرعة جمع المعلومات وإنتاجها تعد من مصاف العوامل المهمة في زيادة عدد المشاهدين والاحتفاظ ببرامج الأخبار، كما يوضح لدى المشاهدين أن الذكاء الاصطناعي يستطيع توفير تجربة بصرية أفضل لهم، مما يدعم ويشجع على زيادة الألفة ويخلق تجربة جيدة ويزيد من كفاءة الصحفيين في القنوات التلفزيونية حيث تعكس شكل ومحتوى الرسائل، فوفقا للدراسة، يمكن للذكاء الاصطناعي تحسين جودة المؤثرات الصوتية والمرئية أو الصورية في البرامج الإخبارية.



**الكلمات المفتاحية: الذكاء الاصطناعي، الدور، زيادة المشاهدة، البرامج الإخبارية، القنوات التلفزيونية.**